عارەب عوسمان:

بەدوای حەیرانبێژان بگەڕێن تاوەکو لە ژیاندا ماون

دەنگی مەخمووڕ/ لەدوای کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورە ڕەسووڵ گەردی هونەرمەندێکی دیکەی حەیرانبێژ هاتە نێو مەیدانی هونەری لاوك و حەیران ئەویش هونەرمەندی گەورە عارەب عوسمان بوو، ناوی تەواوی عارەب عوسمان جەرجیسە، لەساڵی ١٩٥٢ لەگەڕەکی تەیراوە لەدایکبووە، بەهۆی بارودۆخی سەختی ژیان و کۆچی دوایی باوکی لەقۆناغی ناوەندی واز لەخوێندن دەهێنێ، لەسەرەتای ساڵانی ١٩٧٠ بەهاوکاری هونەرمەند جەمال هیدایەت سەرۆکی تیپی هونەری هەولێر دەست بەسرود گوتن دەکات و بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٧٦ یەکەمین بەرهەمی خۆی بەناوی بلوێری شوان تۆمار دەکات و تادەگاتە ئەمڕۆکە بەدەیان بەرهەمی جوان و نایابی پێشکەش بەهونەری کوردی کردووە.

*** ئەگەر بکرێ باس لەدەستپێکی کاری هونەریتمان بۆ بکەی؟ یەکەمین بەرهەمت کەی و چۆن بوو؟**

– لەقۆناغی سەرەتایی زۆرجار سروودم دەگوت و پێیان دەگوتم دەنگت خۆشە ئەوەبوو لەپاش ساڵی ١٩٧٠ بەشداری تیپی هونەری هەولێرم کرد کە بەسەرپەرشتی مامۆستا جەمال هیدایەت بوو بەهاوکاری ئەوو کۆمەلێك هونەرمەندی تر لەساڵی ١٩٧٦ و ١٩٧٧ یەکەم گۆرانیم بەناوی بلوێری شوان لەستۆدیۆی ڕەنگاورەنگ لەبەغدا تۆمارکرد، دابەشکردنی مۆسیقاکەی وریا ئەحمەد بوو، ئاوازەکەی هی هونەرمەند مامڵێ و شیعرەکەشی هی هونەرمەندی گەورە مامۆستا هێمن بوو، هەرچەندە سەرەتا شیعرەکەم بە هەڵە تۆمارکرد، بەڵام دوای چەند ساڵێك لەگەڵ هونەرمەند محەممەد جەزا لەتۆمارگەکەی حەسەن گەرمیانی چووینە لای شاعیری گەورە مامۆستا هێمن ئەوەبوو یەکترماناسی و زۆر ئامۆژگاری کردم و دوای ڕاپەڕین جارێکی تر ئەم گۆرانیەم تۆمارم کردەوە، بەڵام ئەمجارە شیعرەکەی وەکو خۆی گوتەوە.

*** دەستپێکی گوتنی حەیران لای تۆبۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ ئایا ئەو حەیرانانەی کە تۆمارتکردوون خۆت ئەو حەیرانانە دادەنێی و یاخود حەیرانەکانی باوکت زیاتر دەلێیتەوە؟**

– تائێستا هیچ حەیرانێکم دانەناوە، هەندێك لە حەیرانەکان باوکم دەڵێمەوە، بەڵام بەزۆری کاریگەرم بەحەیرانەکانی هونەرمەند ڕەسووڵ گەردی، سەرەتای دەستپێکی حەیران گوتنم بەهاوکاری هونەرمەندان وریا ئەحمەدو شێرزاد سەرسپی و جەودەت شاکرو ڕزگار خۆشناوو چەند هونەرمەندێکی دی ئەوانە زۆرهانی منیان دا بۆ ئەوەی حەیران بڵێم، بەتایبەتی لەدوای کۆچی دوایی کردنی هونەرمەند ڕەسووڵ گەردی هەرچەندە من گۆرانیم دەگوت، بەڵام لەبەر خاتری دایکم (هەزار ڕەحمەتی لێ بێت) حەیرانم نەدەگوت، بەڵام دوای ڕەسووڵ گەردی کەلێنێکی گەورە لەحەیران دروست بوو، ئەوەبوو برادەران زۆر هەوڵیان لەگەڵمدا حەیران بڵێم ئەوەبوو هێواش هێواش دەستم بەحەیران کرد، من جگە لەحەیران گۆرانی و لاوك و بەستەش دەڵێم.

*** ئەی سەبارەت بەسەرەتای سەرهەڵدانی حەیران پێت وایە حەیران لە کێ سەریهەڵداوەو چەند جۆر حەیران هەیە؟**

– گوتنی حەیران و ئەدای حەیران و سەرهەڵدانی حەیران دێتەوە سەر ئەو حەیرانبێژەی کە دەیڵێت بەگوێرەی زۆریەی سەرچاوەکان زۆربەی ئەوانەی لەسەر حەیرانیان نووسیوە دەڵێن حەیران بەدوو شێوە دەوترێت یەکەمیان مەجلیسی و دووەمیان سەرچیایی هەرچەندە من پێم وایە حەیران لەسەر چیا قەت ناوترێت! بەڵام حەیران هەر لەدەشتی قەراج و کەندێناوەو سەنیەو مرکێ سەری هەڵداوە، بۆیە دەبینین زۆریەی حەیرانبێژە بەناوبانگەکان لەدەشتی قەراج و کەندێناوە سەریان هەڵداوە تا دەگاتە بەستۆرەی، هەروەها لەبەرانەتیش حەیرانبێژ هەبوونە لەوانە (سەیدە کۆرە) کە هونەرمەند ڕەسووڵ گەردی زۆریەی حەیرانەکانی لەو وەرگرتووە، هەروەها خدر خەرابەدراوەیی هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی حەیران بەهەموو کەسێك ناوترێت چونکە هەورازو نشێوو یەکەم بەندو دوابەندی هەیە بۆیە دەبینین زۆر هونەرمەند هەیە لەسەر شانۆ ناتوانێت حەیران بڵێت.

*** دەربارەی بەرهەمەکانت تائێستا چەند بەرهەمت تۆمارکردووە؟**

– ئەوەی ڕاستی بێت تائێستا دووسیدیم تۆمارکردووە یەکەمیان لەپاریس بەهاوکاری مامۆستایان وریا ئەحمەدو عوسمان سەرکارو بارزان یاسین و عومەر سەرکارو کۆمەڵی هونەرمەندی دیکە لەخانەی مۆسیقای پاریس لەساڵی ٢٠٠٧ تۆمارم کرد، سیدی دووەمم لەساڵی ٢٠٠٥ لەسەر داوای هیرۆخان سەرجەم ئەو گۆرانیانەی کە لەبەغدا تۆمارم کردبوون جارێکی دیکە بەشێوازێکی نوێ تۆمارم کردەوە، سەبارەت بە بەرهەمەکانم زۆرن، بەڵام هەموویان وەك ئەلبووم تۆمارم نەکردوون، بەڵام نووسینگەکان زۆر گۆرانی و لاوك و حەیرانی منیان تۆمارکردووەو بڵاوی دەکەنەوە.

*** نهێنی سەرکەوتنی کارە هونەرییەکانی عارەب عوسمان بەتایبەت لە گوتنی حەیران بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– هەرچی ئەمنم حەیرانم لەسەر شانۆ بەمۆسیقا گوتووە، لەزۆر دیدارو چاوپێکەوتن و لەئاهەنگەکان حەیران دەڵێم بۆیە زیاتر لێرا هاتووم، ئەگەرنا حەیرانبێژی زۆر باش هەن، بەڵام هەرچی دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووس هەیە دێنە لای من ئەگەرنا لەگوندو دێهاتەکان حەیران بێژی زۆر لێهاتوو هەیە، بۆیە داواکارم لە ڕۆژنامەنووسان روو لەگوندو دەشتەکان بکەن و بپرسین زۆر حەیرانبێژی باش هەیە کە پێویستە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکرێت و بەخەڵکی بناسێنن، وەك گوتم سەردانی ئەو شوێنانە بکەن وەك چایخانەی مەچکۆ لەوێ زۆری وەك سەعدوڵڵا شێخانی و هەروەها لەیەکێتی نووسەران بپرسن و بەدوای حەیرانبێژان بگەڕێن تاوەکو لەژیان ماون.

*** سەبارەت بەحەیرانبێژانی دەشتی قەراج و کەندێناوە ئەوانەی لەبواری حەیران ناسراوو بوون ئەگەر بکرێ باسیان بکەی؟**

– زۆر حەیرانبێژ هەبوونە لەوانە جوامێر هەبووە لەپێش ئێمە دەڵێن دەنگی زۆر خۆشبووە، هەروەها خدر حەیران و حاجی عەباس و فارسی مامم و سەعدی پیرەش دەنگێکی خۆشی هەبووە، جگە لە مانەش حەسەن حەیران و حەمەدبەگی و عوسمان حەیرانی باوکم و حوسێنی عەلی ئاغای قەپران و دەیانی دیکەش، ئەوەی ماوە بەسەریان بکەنەوەو ئەوەی نماشە خوا عەفویان بکات.

*** لەکۆتایی دەمەوێ باسێکی ژیانی خۆتمان بۆ بکەی ئاخۆ ڕۆژانە عارەب عوسمان چی دەکات؟ ئایا منداڵەکانیشت هەمان ڕێچکەی باوکیان گرتووە؟**

– ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە کۆمەڵێك هونەرمەندین ڕۆژانە لێرە لەو بەڕێوەبەراتیە بەسەرپەرشتی مامۆستا شێرزاد سەرسپی لەبەڕێوەبەرایەتی هونەری مۆسیقای هەولێر دەوام دەکەین، بەڵام هەرچی ژیانی تایبەتی خۆمە بەیانیان لێرەین و ئێوارانیش بازاڕو سەردانی برادەران و زۆریەی کات لە مەچکۆ دادەنیشم، هەرچی منداڵەکانمە دەنگیان خۆشە بەڵام زیاتر بەستە دەڵێن، بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێت حەیران و ساوار قەت پیر نابن و هەردەمینێ و کوردیش بە حەیران ناسراوە.

*** چیت ماوە حەزدەکەی بیڵێیت؟**

– زۆر سوپاسی ڕۆژنامەکەتان دەکەم و سوپاسی یەکە بەیەکەتان دەکەم بۆ خزمەت کردنی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی.

گۆرانیی فۆلکلۆری، خەسڵەت و سەرهەڵدان



پیرداود مەخمووری

گۆرانی فۆلکلۆری، لەگەڵ پەیدابوونی بنیادەمەوە پەیدابووە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە چ جۆرە گۆرانییەك بەر لەجۆرەکەی دیکە هاتۆتە بوون و گوتراوە.

زۆر لەڕاستی نزیکین ئەگەر بڵێین گۆرانی کۆنترین بەشی فۆلکلۆرەو خۆراگرینیانەو بەزیندوویی پشتاوپشت ماوەتەوەو بەتاك و بەکۆمەڵ گۆتراوەو دەبێتە پێش قەرەوڵی هەموو بەشەکانی دیکەی فۆلکلۆر.

مرۆڤی کورد هەر لەسەرەتای هەستکردن بەدەوروبەرو شتەکانی ناو دەوروبەر حەزی بە گۆرانی کردووەو دواتر پێ بەپێ گەشەی پێداوەو چڕیویەتی.

گۆرانی فۆلکلۆری دەبێتە چەند بەشێك کە هەموو بەشەکانیش بۆ کۆنی و جۆری کارکردن دەگەڕێنەوە، هەندێك لایان وایە کەوا گۆرانی شوان و گاوانەکان بەر لە هەموو جۆرەکانی دیکە دێن، چونکە گۆرانی کشتوکاڵ دوای گۆرانی ئاژەڵداری دێت، سەرەتا مرۆڤ خۆی لەگەڵ ئاژەڵداری هەڵێناوەو لەژیانی ئەوان ڕاهاتووە، کەواتە دەبێ گۆرانی بۆ گوتبێ پاشان دەستی بەکشتوکاڵ کردووە ئەو لایەنەش بەشی خۆی بۆ گۆرانی گوتراوە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ، ئەدی مرۆڤی کورد سەرەتا ژیانی بەراووشکار دەست پێ نەکردووە، چۆن دەبێ لەئاژەڵداریەوە گۆرانی گوتبێ؟ گۆرانی فۆلکلۆری قۆناغ بەقۆناغ گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەلکسەندەر ژاپای فەرنساوی دەڵێ: کوردەکان هەموویان گۆرانیبێژن، ڕەنگە ژابا گوتبێتی هەموو شاعیرن، چونکە جاران بە گۆرانیبێژ دەگوترا، شایەر، شایەرەکە هەر خۆی ئاوازو شیعرەکەشی ڕێکدەخست.

گۆرانی فۆلکلۆری کوردی ڕەنگدانەوەی ژیانی کوردیمان بووەو دەنگدانەوەی ئاوازە سرووشتی و سەرەوژێر بوونی ئاو بە خوێرەکان بووە، زۆریەی گۆرانییە فۆلکلۆریەکان لە هاشەی (با)و دەنگی شالوورو گڤەی چڕوی داران و چریکەی بولبول و قاسپەی کەوو ژینگەی کوردستان پەیدابووە، گۆرانی کارکردن یەکەمین بەرهەمی گۆرانی فۆلکلۆری کوردییەو لەکاتی کارکردندا چڕیویانەو ئاسوودەیی پێ بەخشیوون و ماندووتیان پێ حەساوەتەوە.

گۆرانی فۆلکلۆری لەئامێری مۆسیقا کۆنترە، چونکە مەرج نییە هەموو گۆرانیەك لەگەڵ ئامێری مۆسیقا گۆترابێ، هەروەها لەشیعریش، چونکە بنیادەمی کۆن کە گۆرانی گوتووە ئەیزانیویەتی مۆسیقا چییەو نە شیعریشی ناسیوە.

گۆرانی فۆلکلۆری بە تاکو بە کۆ گوتراوە (کۆ) لێرەدا مەبەست (کۆرس)ی ئێستایە، یاخود دەستە جەمعی چڕیویانە لەکاتی کارکردنی بە کۆمەڵ و زیاترەدا ئەم جۆرە گۆرانییانە دەگوترێن.

هەندێ جار لەدەقی ئەدەبی فۆلکلۆری ناو گۆرانییەکە مەبەست و ساڵ و شوێن و مەودای گۆرانییە فۆلکلۆریەکەت بۆ ڕوون دەبێتەوە. کە چ جۆرە گۆرانییەکەو بۆ چ مەبەستێك و شوێنێك گوتراوە.

بڕێك لەو کەسانەی لەبواری ئەدەبیات و گۆرانی فۆلکلۆری کاردەکەن و لیکۆڵینەوە لەسەر گۆرانی دەکەن و توێژینەوە بۆ مەبەستەکە ئەنجام دەدەن، دەکەونە بەرەیەکی جیاواز لەوەی کە گۆرانی لە مەعبەدو شوێنەکانی خواپەرستیدا گوترابێت و لەسروودی ئایینی کۆنەوە وەرگیراون، ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێ، پێویستە ئایین بەر لە بوونی ژیان و مرۆڤدا هەبێت.

هەموومان لەو باوەڕەداین و پێمان وایە بنیادەم بەر لەوەی هەوڵی ئایینی بدات و خودا پەرستی بکات لەهەوڵی ئەوە دابووە کە زگی تێربێ و برسی نەبێ، برسی نەبوون و تێربوونیش بەکارکردن و جوولەوە دەبێت.

هەردوو بەرە ئەوانەی لەو بڕوایەدان کە گۆرانی کارکردن بەر لە گۆرانی ئایینی هەیەو بەپێچەوانەوەشەوە گۆرانی ئایینی بەر لە گۆرانی کارکردنەوە هەبووە، هەندێ خاڵی وێکچوو یان خاڵی هاوبەشیان هەیە بۆ گۆرانی، هەردوو لایان لەو ڕایەدان کە بەرای پتریان گۆرانی ئایینی و کارکردن بە کۆمەڵ (کۆرس) گوترابێ و، هەندێ جاریش جوولەی لەشیان هەیەو هاتوچۆو گەڕان و لێکدی نزیك و دوورکەوتنەوەی تێدایە.

گۆرانی فۆلکلۆری ئەوەندەی مەودای دوورو قووڵ و ڕەگی داکوتاوە هەر ئەوەیە وایکردووە کە بە نەمری بمێنێتەوە.

من لەو ڕایە دانیمەو نایێمە سەر ئەو بارەی کە بڵێم گۆرانی فۆلکلۆری زادەی بوونی ئایینی سەردەم بووە، هەروەها نایێمە سەر ئەو باوەڕەی کە گۆرانی فۆلکلۆری لەزێو منداڵانی کارەوە هەڵقولابێ، ئەوانە جووتەن و شانبەشانی یەکدی هاتوون.

گۆرانی فۆلکلۆری بەمەزەندەی من لەگەڵ بوونی بنیادەمەوە هاتووە، مرۆڤ لەگەڵ فرچك کردندا وەری دەگرێ و دەتوانم بڵێم یەکەم ژەمی مرۆڤ گۆرانییە. دایك بە گۆرانی گوتن کۆرپەڵەکەی هەڵدەپەڕێنێ و دەیخەوێنێ، کەواتە گۆرانی فۆلکلۆری بەر لە ئایین و کشتوکاڵەوە هەیە.

گۆرانی کوردی و بەردەوامی ژیانی ژیاری کوردەواریمانی تێدا ڕەنگ دەداتەوەو، کەوا مرۆڤی کورد چۆن لەگەڵ ژینگەو دەوروبەری خۆی شەڕی مان و نەمانی کردووە، ئەو ژینگەیەیی هەوێنی لەدایکبوونی هونەری نەنوسرای کوردیمانە ئەو گۆرانییەی کە بەدرێژایی ڕۆژگار پیرنابن و توانەوەی مرۆڤ بە ئاشکرا لە گۆرانییەکاندا دیارە.

(شایی دەگەڕێ ئامۆژا)، بەدەنگی هونەرمەندی نەمر (حەسەن زیرەك) گوتراوە، ئەو گۆرانییە فۆلکلۆریەی کە تۆژی داستان و بەسەرهات و قارەمانییە دەبێ چ کارەساتێکی لەدواوە بێ کە ئێمە پێی نازانین، هەروەها گۆرانی منداڵان کە بەپێی تەمەن گوتراون، دەبا بە چاوێکی کریانە دیقەتێ خۆ بدەین (فاتەکە مەگری مەگری)، ئەو مرۆڤە منداڵە هێشتا وەك پەڕەی گوڵە تەمەننای مردن دەکات و خوازیارە بە جوونە لەگۆڕێکدا بشاردرێتەوە، دەبێ ئەو دوو برایە یەخسیرە چی بن و لە چ کۆشك و قەڵاتێك ئاخراننبن، دەبێ چی دیکەی لە پشتەوە بێ، گۆرانی فۆلکلۆری کوردی زادەی شتێکەو لەخۆڕا هەڵنەقوڵاوە.

هەر پەنا شاخێك و هەر ڕەوەزێك و سەرکانیاوێك بەدەیان دەیان گۆرانی فۆلکلۆری بۆ گوتراوە، دەتۆ بەچاوی من بڕۆنە ئەو دەشتەکاکی بەکاکیەی مەخموورو قەراج و کەندێناوەو مرکیەو سەنیە، چ گردو دۆل و کانی و بنەداری گوندو گۆم و قوپەتە دەغڵێك هەیە حەیرانێکی بۆ نەگوترابێ، چ کیژە کرمانجەك هەیە سەرێ شێوەری ڕانەکێشابێ و لەدەرکی بازاڕگەی خۆمان نەچووبێتە خواری و بۆ تاوێك حەوانەوەو پشووداننیك لەسەر ئاوەکەی پیرە مەخموورى بارگەو بنەیان هەڵنەدابێ.

مەخمووری

یوسف مەخمووری

سوتا لاپەڕەی ژینم
بێ تۆ بڕاوە تینم
وەرە سەرینم تاوێ
یاخوا مەرگت نەبینم
* * *
نازدارەکەی مەخمووری
بەدلم نایێ سەبووری
قەسران و دەرمان ئاوە
جێژوانگەی کچ و لاوە
* * *
ئاوی بن بەردم خۆشە
سەیرانگای زۆر بەجۆشە
سێ گردکان لەبانەوە
دڵمی خستە لانەوە
* * *
ترشاوك ڕوونە هەردەم
بازاڕگەم کەلی سەردەم
حسێنێ غازی و برایماغا
مەخموورم لاسابڵاخە
* * *
قەراج سەرکەشە بۆیە
عەمباری گەنم و جۆیە
حەوت گوڵەگەنمەی یەعقووبی
شایەستەی ڕەنجی تۆیە

yusifmerzani@yahoo.com

مام عەزیز دیموکرات:

لەڕێگای مزگەوتەوە ئاشنای وەرزش بووم

ئا: کۆچەر عوسمان - قەراج



عەزیز دیموکرات یان حاجی عەزیز ناوی ئەو پیاوە بە تەمەنەیە کە لە هەموو ساتو وەرزێکدا لە هەر شوێنێك یانەی وەرزشی مەخموور یاری هەبێت ئەو لەوێ ئامادەیەو لەریزی پێشەوە دایەو هانی یانەکەی دەدات، جیا لەوەش بەردەوام ئەو پیاوە بەتەمەنە ئامادەی بینینی یارییەکانی تیپە میلییەکانی ناوچەکە دەبێت. شتێکی شارەوەش نییە کە دیموکراتی بەهۆی ئەو خۆشەویستییەی بۆ وەرزشو هەروەها قسەخۆشیو دەم بەخەندە بوونی ئەوە وای کردووە کە ببێتە خۆشەویستی هەموو خەڵكو جەماوەرو یاریزانان، ئێستا حاجی عەزیز دیموکراتی بەتەمەنترین هاندەری وەرزشییە لەشارۆچکەی مەخموور، بۆ پتر ئاشنابوونمان بەو هاندەرە دیمانەیکمان لەگەڵیدا سازکرد.

*** عەزیز دیموکراتی کێیە؟**

– من لەساڵی ١٩٣٥ لەدەشتی قەراج لەدایکبوومە ئێستاش لەناحیەی قەراج دادەنیشم، لەژیانیشمدا سێ ژنم هێناوە بەڵام هیچ منداڵێکم نییە.

*** لەکەیەوە خولیای وەرزش بووی؟**

– هاتنم بۆ ناو دونیای وەرزش وەك ئێستا نەبووە لەڕێگەی بنکە وەرزشییەکان نەبووەو بەڵکو لەڕێگەی مزگەوتەوە بووە هاتنی من بۆ ناو دونیای وەرزش کە ئەوکاتە بوو کە لەگەڵ فەقێیان یاریم دەکرد بەتایبەتی یاریە میلییەکان. هەرچەند یەك لەیاریزانە باشەکان بووم بەڵام بەهۆی سەختی ژیان نەمتوانی بەردەوام بم لەیاری کردن.

*** ئەی هاندەریت بۆکەی دەگەڕێتەوە؟**

– هەر لەوکاتەی کە خولیای وەرزش بوومە هەرچەند لەیاری کردن دابڕام بەڵام لە وەرزش دانەبڕام و بەردەوام هاندەرێکی سەرەکی تیپەکان بووم تاکو ئێستاکەشی لەگەڵ دابێت، هانی یاریزانانی ناوچەکەم دەدەم بۆ بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنیان.

*** تیپێك یان یانەیەك هەیە کە تایبەت بێت بۆ هاندانی؟**

– بەڵێ لەڕاستیدا بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ دەبێت کە هانی زۆریەی تیپ و یانەکانم داوە، بەڵام زیاتر یانەی وەرزشی مەخموورو یانەی وەرزشی هەولێری خۆشەویست و تیپی شورتە، هەروەها لە زۆربەی یارییەکانی ئەم یانانە ئامادە دەبم.

*** خۆشترین یاری یانەی هەولێرکەتۆ تیادا هاندەر بوو بیت؟**

– ئەو یارییە بوو کە لەگەڵ جەوییە لەیاری کۆتایی خولی نایابەکانی یانەکانی ئێراق بوو ئەو یاریەیان بەڵامەوە خۆشترین یاری بوو کە هەولێر سەرکەوتنی بەدەست هێناو بووە پاڵەوانی خولەکە.

*** دوای تەمەنێك لەگەڵ وەرزش و هاندانی وەرزشوانان تاکو ئێستا وەك پێویست هیچت بۆ کراوە یان موچەیەکت هەیە؟**

– نەخێر هیچ مووچەیەکی فەرمیم نییە تەنها ئەوە نەبێت کە بەسوپاسەوە یانەی مەخموور مانگانە هاوکاریەکم دەکەن لەو ماوانەش بەپێز سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەڵێنی پێم داوم کە شتێکم بۆ بکات جا نازانم چۆن دەبێت؟!

*** دەکرێ بزانین ئەو شارو شارۆچکانی بەهۆی وەرزشەوە بینیوتن؟**

– لەڕاستیدا من بەهۆی وەرزشەوە زۆر گەڕاوم زۆریەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و ئێراقم بینیوە کە زۆربەشیان بەئۆتۆمبێلی خۆم بووە خەڵکی تریشم بردووە بۆ یاریەکان.

*** وەك هاندەرێکی وەرزشی داواکاریو پێشنیازت چییە بۆ بەرپرسانی وەرزشی کوردستان؟**

– پێشنیارو داواکاریم ئەوەیە کە ئاوڕێکی زیاتر لەوەرزش بدەنەوە بە تایبەت لە مەخموورو دەوروبەری چونکە ئەم ناوچەیە زۆر پێویستی بە یاریگاوو هۆڵ و پێویستییەکانی تری وەرزشی هەیە، هەروەها تا تامی ژیان لام ماوە مووچەیەکم بۆ ببرنەوە تا ژیانی خۆم پێ بگوزەرێنم.

بەسەرکردنەوەی تیپی لاوانی ئاشتی

جەلال خەیلانی

تیپی ئاشتی یەکێك بووە لەباشترین تیپە میلیلیەکانی قەزای مەخموور، لەساڵی ١٩٨٧ لەلایەن چەند لاوێکی خوێن گەرم دامەزراوە، هەرلەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەشداری سەرجەم خولەکانی مەخموورو دەوروبەری کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە تیپێکی زۆر سەرکەوتوو بووە لەگەڵ ئەوەش هاندەرێکی یەکجار زۆری هەبووە لەهەر شوێنێك یاری هەبوایە هاندەرێکی یەکجارزۆر لەگەڵ تیپەکە بوونەو بەردەوام هانی ئەو تیپەیان داوە، لەزۆریەی خولەکان توانیویەتی پلە یەکەم بەدەست بهێنێ، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئامازەی بۆبکەین ئەم تیپە وەك گوتمان لەلایەن کۆمەلێك وەرزشوانی ئەو شارە دروست بووە لەوانە (محەممەد مستەفا)دەستێکی بالای هەبوو لەدامەزراندنی ئەم تیپەی دامەزراند، دوای ئەوە چەند وەرزشوانێکی دیکەش بوونە ئەندام لەوتیپە لەوانە واحید جەمیل و مامۆستا تاریق وغازی جەعفەر و زۆر یاریزانی تر.

دوای ماوەیەکی زۆ کورت تیپی ئاشتی توانی ناوبانگیەکی زۆر بۆ خۆی دروست بکات و بەشداری سەرجەم خولەکانی لەهەریەك لەشارەکانی موسڵ و هەولێرو کەرکوك کردووەو، جگە لەمەش دەیان تیپی شارەکانی تر هاتونەتە مەخموور بۆ یاریکردن لەگەڵ تیپی ئاشتی.

ئەوەی ماوەتەوە بڵێین تیپی ئاشتی باشترین راهێنەری هەبوو ئەویش مامۆستا ی کۆچکردوو مامۆستا (موحسین) بوو، کە مانووبونێکی زۆری لەگەڵ ئەوتیپە کێشاوەو توانیوتی تیپی ئاشتی بگەیێنە لوتکەو سەردەمی ئاشتی و قەرەچووغ سەردەمێکی زێرینی تۆپی پێی مەخموورپوو هیواداریں جارێکی تر دووبارە ئەم تیپانە سەرهەڵبدەنەوەو یاریگا وەرزشییەکان ئاوەدانبکەنەوە.

عادل ئەحمەد هێرشبەری یانەی وەرزشیی مەخموور:

خۆشەویستیم بۆ یانەی مەخموور وایکرد یانەکە جێنەهێڵم

کارزان غەمگین - مەخموور

شارۆچکەی مەخموور وەك هەر ناوچەو شارەکانی تری جیهان و کوردستان لەڕووی وەرزشەوە بایەخێکی زۆری پێدراوەو خودان دەیان یاریزانی ئاست بەرزو لێهاتوە، یەك لەو یاریزانانە (عادل ئەحمەد ئیسماعیل)ی هێرشبەری یانەی وەرزشی مەخموورە، عادل خودان هونەرێکی وەرزشی تایبەت بەخۆیەتی و بەو هۆیەشەوە جەماوەرێکی زۆری وەرزی لە خۆکۆکردیتەوە، لەو دیمانەیەدا عادل باس لەخۆی و وەرزش دەکات.

عادل ئەحمەد لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٧ی شارۆچکەی مەخموورەو یەك لەیاریزانە باش و بەناوبانگەکانی یانەکەو شارۆچکەی مەخموورە، عادل سەرەتای هاتنی بۆ ناو دونیای وەرزش دەگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغی منداڵی و سەرەتای قۆناغەکانی خوێندنی و تیپە میلیلیەکان، عادل دەڵێت "یەکەم تیپ کە یاری لەگەڵی دا کرد تیپی میللی تەلەبە بوو هەروەها لە تیپەکانی دی وەك مشارو نەورۆزو قەرەچووغ و ئاشتی یاریم کردووە". بەلای عادل ئەحمەدەوە خۆشەویسترین یاری وەرزشی یاری تۆپی پێیە هەر، بۆ ئەمەش ئەو بوارەشی هەڵبژاردووە. کاتێکیش کە دێتە سەرباسی چۆنیەتی چوونی بۆ ریزی یانەی وەرزشی مەخموور عادل دەگەڕێتەوە بۆ یادگارییەکانی و بەسوپاسەوە باس لەرۆڵی راهێنەری کۆچکردوو (عەزیز قادر) دەکات و دەڵێت "ئەوکاتەی من لە ریزی تیپە میلییەکان یاریم دەکرد خوالێخۆشبوو مامۆستا عەزیز قادر بانگی کردم بۆ ریزی بنکەی وەرزش و لاوانی مەخموور دوای ماوەیەك یاری کرنم لەو بنکەیەو دروست بوونی یانەی وەرزشی مەخموور دیسان مامۆستا عەزیز منی بانگێشتی یانەکە کرد، عادل لەبارەی ئەو راهێنەرەوە دەڵی "خوالێخۆشبوو عەزیز قادر بایەخێکی زۆری پێ دەدام و هاندەرێکی سەرەکیم بوو بۆ دروست بوونم ئەو ئامۆژگاری زۆری وەرزشی دەکردم". جیا لەیاریکردنی بۆ تیپی میلییەکان و بنکەی لاوان و یانەی مەخموور عادل لەریزی تیپە میلییەکان و چەند یانەیەکی تریش یاری کردووە" من جیا لەیاری کردنم لە مەخموور لەگەڵ یانەکانی (کارەبای دووبز، میدیا، ئارارات) یاریم کردووە، لەگەڵ ئەوەش لەلایەن چەند یانەیەکی تر داوی بۆندیان لەگەڵمدا کرد، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێك و هەروەها خۆشەویستیم بۆ یانەی مەخموور وای کرد نەڕۆم.

عادل پێی وایە بەهۆی هێمنی خۆی بۆیە زیاتر لەیاری کردن لەگەڵ یاریزانی هێمنیش دەگونجێت و ئەنجامی یاریەکە بەدەست دێنێت. کاتێکیش لە عادل دەپرسی لەباری سەرسام بوونی بەیاریزانی تر ئەو راستەوخۆ سەرسامی خۆی بە یاریزانی یانەی وەرزشی هەولێر شوان مامۆ نیشانداو هەروەها یاریزانی ئەرجەنتینی میسی لەگەڵ ئەوەش هاندەری سەرەکی یانەی هەلێرو زەوراو ریال مەدریدە، لەهەڵبژاردەکانیش ئەرجەنتین.

ئەو یاریزانەی یانەی وەرزشی مەخموور لەهەمبەر ئاستی وەرزشی لەکوردستان گەشبینی خۆی نیشان داو وتی "ئەمڕۆ لە کوردستان بایەخێکی زۆر بە وەرزش دەدرێت، ئەگەر بێت بەراوردێکیش لەگەڵ دوێنێی وەرزش بکەین ئەوە دەبینین کە وەرزش چەند قۆناغی بۆ پێشەوە بڕیوە نموونەشمان یانەی هەولێرە کە بەهۆی ئەو بایەخەی پێی دەدرێت ئەو دوو ساڵە لەسەر یەك دەبێتە پاڵەوانی یانەکانی ئێراق، هەروەها دانانی وەزارتی وەرزش و لاوانیش گەواهیدەری قسەکانمە کە حکومەتی کوردستان چ بایەخێکی بۆ وەرزش هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەموکوڕی بەدی دەکرێت، ئومێدەوارم ئەوە لایانەش لەلایەن وەزارتی وەرزش و لاوان چارەسەر بکرێن.

چالاکییە وەرزشییەکانی دەڤەری مەخموور

کۆچەرو کۆسرەت

لە میانەی چالاکییە وەرزشییەکان ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور بەشداریکرد لەخولی ناوەندییەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر، لەیاری تێنسی سەرمێز کە تێدا (٧) ناوەند بەشداریان تێدا کردبوو، ناوەندی مەخموور توانی پلەی دووەم بەدەست بهێنێت دوای ئەوەی لەیاری کۆتایی بەرامبەر بە ناوەندی عەنکاوە دۆرا، شایەنی باسە رێباز نەعمان تەمەن ١٦ساڵ لەناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور بەباشترین یاریزانی خولەکە دەست نیشانکراو، لەخولەکەدا ناوەندی مەخموور بە سێ یاریزان بەشدار ببوون کە بریتی بوون هەریەك لە رێباز نەعمان و شکار شاکرو رەمەزان خدر.

هەروەها لەمانگی ئەیلولدا لە مەخموور چەندین چالاکی وەرزشی جۆراو جۆر ئەنجامدران لەوانە کۆتایی هاتنی خولی رەمەزانی پیرۆز بۆ بەچکەشێران لەخولی تۆپی پێ کە تێیدا ١٠ تیپ بەشداریان کردبوو، خولەکە بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهات و خەڵات بەسەریان دابەشکرا.

لەلایەکی ترەوە بەبۆنەی شۆڕشی ئەیلولەوە ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی (ی.ل.د.ك) لەمانگی ئەیلولدا هەڵسا بە کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر بۆ (٤٠) لاو کە پێکهاتبوو لە کوڕو کچ، هەروەها لەبەرواری ٢٠٠٨/٩/٢٥ بڕوانامە بەسەر (٤٠) بەشداربووە کە دابەشکرا، هەر لەچالاکییەکانی ی.ل.د.ك خەڵات بەسەر ٢٤٠ لاو دابەشکرا کە بڕی (٢٢) دۆلار بوو.

لەلایەکی دیکەوە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەمەخموور هەڵسا بەکردنەوەی خولێکی تۆپی پێ بۆ ٤٤ تیپی دەڤەری مەخموور، لەیاری کۆتایی ئەم خولەدا تیپی لاوانی دیبەگە دوای بردنەوەی لە تیپی لاوانی فرمێسك توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێ و دواتر خەڵات بەسەر یاریزانان دابەشکرا.

مۆبایل و ئیمێلی
خاوەنی ئیمتیاز
٠٧٥٠٤٤٧٠٠٩٧
snjawi@gmail.com

مۆبایل و ئیمێلی
سەرنووسەر
٠٧٥٠٤٦٥٥٤٦٣
Bakhtear_palany
@yahoo.com

ناونیشان
کوردستان
هەولێر - مەخموور